

ئاکۆ

ئیبراهیم ڕەحمەد

ڕۆمان

44920

ئامادەکردن

بوار نوورەدین

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بلاوکراوەی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن



ناوی کتێب: ئاکۆ
نووسین: ئیبراهیم ئەحمەد
ئامادەکردن: بوار نوورەدین
پێداچوونەوە: سدیق سالح و ڕاسان موختار
دیزاینی بەرگ: عەلی ئەرشان خان
خۆشنووسی سەر بەرگ: ئەحمەد سەعید
دیزاینی ناوەوە: بوار نوورەدین
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
لە چاپخانەکانی تاران- ئێران چاپکراوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ١٣٧٣ی ساڵی ٢٠٢١ی پێ دراوە

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆک

دەرکەوتن..... ٧
ڕابوردوو..... ١٩
ژنهێنان بەزۆر..... ٢٩
خۆدوورخستنەوە..... ٤١
ڕزگاربوون..... ٥٩
نامەی مامۆستا..... ٦٧
ئامۆژگار..... ٨١
بەیاننامە بڵاوکردنەوە..... ٩٥
پیاوخۆرەکە..... ١١١
هاتنی پۆلیس لە بەرەبەیانا..... ١٢٩
ماڵەکەی تووبا لە سەری شێت ئەچوو..... ١٨١

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

دەرکەوتن

دەمەدەمی ئێوارە بوو، کێوەکان تارایەکی ئەرخەوانیی تێریان پیا درابوو. ئاسمانی شین بە پەڵەهەوری ڕەنگاوڕەنگیەوە، ئەتوت وێنەگر ڕەنگەکانی خۆی لەسەر تاقی کردۆتەوە، یا پڕچەکانی پێ سڕیوە. خەڵکی بەرەو ماڵ ئەبوونەوە، سێ چوار منداڵی دەدوانزە ساڵەی شەڕواڵ قووڕاوی، یەکی ساجێکی قووپاو لەبن هەنگڵدا، دووی یەکێکی لە خۆیان گەورەتر کەوتبوون، کە باڵینەکەی سەری وەکوو شەپقە بوو، بە فیز هێنابوویە سەر ناوچەوانی، دەرەلینگێکی دڕاوی خامە هەڵتڵیشاوەکەی، تا ژوور ئەژنۆی هەڵکردبوو و بە دەنگێکی تازەگڕبووی ناساز، ئەیقیڕان:

- دینارێک بە وردە، بەر ڕەحمەتی خوا کەون، دینارێک بە وردە!

بەبێ ئەوەی کەس گوێی بداتێ، لە ژێڵڵا ئەفەندییەک هەستا، هەر ئەوە بوو ڕای نەئەکرد، لە خۆشییان هەموو لەشی پێ ئەکەنی، حەزی ئەکرد بەشی هەموو کەسێکی لێ بدا.

منداڵە قوڕاوییەکە لێی پرسی:

- کاکە چیتە، ئەو دینارەمان بۆ بکە بە وردە؟

بە ڕوویەکی خۆشەوە دەستی برد گیرفانەکانی پشکنی، نیودیناری پێ بوو، دوو چارەکەدیناری بۆ دەرهێنا، وتی:

- هەر ئەوەم پێیە ئەگەر ئەتەوێ؟

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کوڕەکە لەباتیی وەرامدانەوە، کەوتە بانگکردنی هاوڕێکانی، کەوا لەپێشیەوە ڕایان ئەکرد، ئەیانقیژان دنیاڕێ بە وردە، ڕەحمەتی خواتان لێ بێت.

وتی:

- وەرن وەرن، گوڕیمەوە.

هەموو تێی ورووکان، ئەفەندییەکەیش پارەکەی دانێ و دنیارەکەی لێ وەرگرتن، ئەوان کەوتنەوە ڕاکردنی خۆیان و گەورەکەیان ئەمجا ئەیقیڕان:

- نیودینار بە وردە، بەر ڕەحمەتی خوا کەون.

ئەویش کەوتەوە دەریای لێکدانەوەی خۆی، هەرچەندە پێشەکی ئەیزانی، کە لە ئیمتیحانا دەرئەچێت، لەگەڵ ئەوەشا ئەو تەلگرافەی هاوڕێیەکی بۆی لێ دابوو لەو بارەیەوە، ئەم هەموو خۆشییەی خستە دڵیەوە، چونکە گەردی گومانی پێوە نەهێشت و ڕێگەی لە هەموو ڕێکەوت و ڕووداوێ بەست. ئێستا هەرچی ئەقەومێ لە دینادا بقەومێ، ئەم تازە دەرچووی خانەی بەرزی مامۆستایانە، جا پێویستە بە پەلە بگاتە مااڵێ و ئەم مژدە خۆشە بدا بە دایکی، کە ئیتر جلشۆری و نان پێوەدان دەوریان نەما و ئەتوانێ بۆ خۆی وەک خانم دانیشێ، ئینجا ئەو یەکێ ڕاگرێ ئیشی ناومااڵی بۆ بکات...

«ئەوەچی بوو ڕێگەکە هەر نەبڕایەوە... پەلەت نەبێ، ئەویش ئەبڕیتەوە، تۆ چواردە ساڵی دوورودرێژی خوێندنت بە برسێتی و نەبوونی برانەوە...» دانەوییەوە بەردێ هەڵگرێ، وەکوو جاران شەڕەچۆلەکەی سەر تووی کەلاوەی بەر ماڵەکەیان ببڕیتەوە، کە هەر لە منااڵییەوە هاژەی باڵیان و کشوماتیی دوای فڕینەکەیانی زۆر لا

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

خۆش بوو، بەڵام لە دڵی خۆیا وتی «نا ئەم ئێوارەیە با ئەوانیش بۆ خۆیان خۆش ڕابوێرن، وا دیارە ئەوەیان لا خۆشە»، بۆیە بەردەکەی دانایەوە و پاڵێکی نا بە دەرگاکەی خۆیانەوە، کەوا لەمێزبوو دایکی لەوە گەیشتبوو کە دانەخستنی، پیاو دڵنیا ئەکات لە داخستنی، چونکە هەرچەندە تونديش داخرێ، کە شانێکی لێ درا، بە ئەسپایی ئەکەوێتە سەر گازی پشت.

وەک هەموو هاوسێیەک کورسییە زلەکەیان، کەوا دایکی و منداڵەکانی لەسەر ئەنوستن، لایەکی سەکۆکەی پێ گیرابوو، لایەکەی کەشی بەڕە و لبادێکی بەرامبەر یەک لێ ڕاخرابوو. برا و خوشکە بچکۆلەکەی لەسەر کورسییەکە یارییان ئەکرد و سەرمەقوڵاتیان ئەدا، وەک منداڵی خۆی. لای پلیکانەی سەکۆکەشەوە، گۆزەیەکی سووری لێوشکاوەی بنجکراو و دیزەیەکی بچووکی پارچەیە مەندیل لەسەردانراو، کاسە و کەوچکێکی داری لە تەنیشتەوە دانرابوو، تەنیا پشتی تاوەیەک و شەربە و پەرداخەکە بوو، کە ئاکۆ لە بەغاوە لەگەڵ خۆی هێنابووی. ئاوڕشێنێکی خەستی حەوشەکە کرابوو، ئەوەندەی نەمابوو ئاکۆ لە پەلەپەلیی خۆی هەڵخلیسکێ. دایکی لای دەرگاکەوە تەقەیەکی هێنا لە کەوگیرەکەی دەستی، پێش ئەوەی سەری مەنجەڵەکە بنێتەوە و هاواری کرد:

_ کاک ئەحمەدی شێخ، ئەوە چی بوو؟ ڕۆڵە، نابێ ئاگات لە بەرپێی خۆت بێ. قەزا و بەڵادوور، وەختەبوو بکەویت.

ئاکۆ وتی:

_ ئاخر دایە گیان بۆ حەوشەکەت کردووە بە قوڕ؟

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library